www.kurdistannet.org

بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 4-10-2006 9:46

# بۆ چی پەكەكە ئاگر بەستی راگەیاند ... عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمكی

خورماتوو
abdullagermiki@yahoo. com

پارتی كرێكارانی كوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە وەك هێزێكی عەسكەری نەهاتە مەیدان بەڵكو وەك و هێزێكی سیاسی نەتەوەیی كوردی لەگۆرەپانەكەدا هاتەبوون بەبیرۆكەیەكی نوی خۆی رێكخست بەرابەرایەتی بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان. ئەمەش نەك تەنیا وەك پارتیەك خەباتی لەباكوری كوردستاندا هەبێت بەڵكو خۆی بلاو كردەوە لە سەرجەم پارچەكانی كوردستاندا بۆ ئەوەی ئەو عەقلیەتە بشكێنی كە لەناو پارتە كوردیێكاندا هەیە چونكە وەك دەزانرێت حزبە كوردستانێكانی تر تەنها هەر یەكە و لەو پارچەیەی خۆیدا تێكۆشاوە هەتا وەكو شۆرشەكانیش كە تا ئێستا چەندین شۆرش سەری هەڵداوە لەكوردستانی گەورەدا. بەڵام بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەكەمان هزری پارچەچێتی نەهێلا چونكە ئەو پارچانە هەموویان گرێدراوی یەكن دۆزی كوردیش هەر یەك دۆزێكە.

ئاشكرایە هێزی پاراستنی گەل هەر لەساڵی (1984) وە بیست و دوو ساڵ پێش ئێستا دەكات دەستی كردوەتە خەباتی چەك داری ئەو سەردەمە وا پێویستی دەكرد چونكە بەراستی كورد لەتوانەوەدابوو دوژمن دەیویست پاكتاوی نەژادیمان كات و هەم بۆ ئەوەی كورد لەجیهاندا زیاتر بناسرێت و بۆ وەدەستهێنانی هەندێ مافی سەرەتای پێویست بو كە زمانی چەك بەكاربهێندرێت. دوای ئەوە چەند ساڵێك شەڕ بەردەوام بوو دواتر ئاگر بەست راگەیەنرا بۆ ئەوەی بە دیبلۆماسیەت مەسەلەی كورد چارەسەر بكرێت بەڵام دوای ئەو ماوەیە لەبەر ئەوەی دژمن پتر گۆشاری دەخستە سەر گەل و گەریلا مەجبوور بوون كە جارێكی تر شەڕ رابگەیەنری بێ گومان پەكەكەش هەرگیز لەگەڵ شەڕدانەبوە بەڵام ناچاربوو كە جارێكی تر لەهەمبەر عەسكەردا شەڕ بكات بەرگری لەخۆی بكات. ئیدی وەك باسم كرد لەماوەی ئەم بیست و دوو ساڵەدا چەند جارێك شەڕ راگەیەنراوە و چەند جارێكیش ئاگر بەست ئیعلان كراوە.

ماوەیەكیشە وەك ئاشكرایە گەریلای كورد لەدوو لاوە بەرگری لەخۆی دەكات یەك لەگەڵ سوپای توركیادا كە رۆژانە شەر لەئارادایە تاوەكو جەندرمەیەكی زۆری تورك كوژران ژمارەیەكی گەریلاش شەهید بوون. دیارە ئێستا ئێمە لەسەدەی بیست و یەكەمداین ئەبێت هەر هیچ نەبێت ئەم سەدەیە گەلەكەمان هەندی لەنەهامەتێكانی بروێتەوە دایكە چگەر سوتاوەكانیش فرمێسكی هەمیشەی ناو چاوانیان بسرنەوە ئەم سەدەیە بكرێتە سەدەیەكی ئاشتی. بەڵام وا دیار گورگەبۆرەكانی تورك وەك پیشەی هەموو جاریان هەر شەڕ خواز بونە. دوو لەلایەكی ترەوە گەریلاكانی رۆژهەلاتی كوردستانیش بەهەمان شێوە لەگەڵ عەسكەری ئێراندا پێكدادان و شەر دروست ئەبێت ئەمانیش مەجبورن دیفاع لەخۆیان كەن. ئاشكرایە گەلی كورد گەلێكی شەڕخواز نەبوە و نابێت بەڵام دایمە دوژمن وای لی كردوە كە زمانی چەك بەكاربێنن.

ئیدی دوای ئەو هەموو شەڕ و پێكدادانە رێزدار ئۆجەلان لەزیندانی ئیمرالیەوە ئاگر بەستی راگەیاند. دوابەدوای ئەوە بەرێز قەرەیەلان لە 10_1 وە بۆ سەرجەم راگەیاندنەكانی دەرەوە و ناوەوە ئاگر بەستی راگەیاند. بەڵام باسی لەوەش كرد كە هەر هێزێك هێرشی هێناوە سەرمان ئەوە ئێمە ئەو كاتە بەهەموو جۆرێك دیفاع لەخۆمان دەكەین. شیاوی باسە گەریلا و هەڤالانی كۆنسەی بەرێوەبەرایەتی زیاتر لەسی ساڵە لەچیاكانی كوردستانن هەرچەندە لەلایەن ولاتانی داگیر كەری كوردستان و وڵاتە یەگرتۆكانی ئەمریكا هەر شەو گورەشە ئەخرێتە سەری گوایە لەچیاكاندا دەریان خەن و پاكتاویان كەن بەداخەوە ئەم هزرەش لەلای هەندی رۆشنبیرانی كورد وابیر دەكەنەوە بەڵام سەرجەم وڵاتانی جیهان و

ئەو کەسانەش کەوا بیردەکەنەوە باباش بزانن ئەو هەرەشەو گورەشانە کۆن نییە بۆ ئەوان سی ساڵە ئەو هەرەشەیە هەیە بەڵام هەرگیز تارزگاربوون ئەو چیایانە هەر بەناهنگە بونە بۆ پەکەکەو بۆ سەرجەم شۆرشەکانی گەلەکەمان لەکاتێکدا دوژمن هێرشی کردوەتە سەرت تۆ ناچاری بەرە شاخ برۆی لەوێوە خۆت بە قۆراڵ و رێکخستن کەی دواتر بێتە ناو شارەکانەوە.

بەڵی بەراستی ئەم ئاگر بەستنە ئاگر بەستێکی مێژوی بوو ئەمەش بۆ هەموو گەلانی جیهان روون بوەوە کە وەك هێنامە زمان کورد شەڕ خواز نییە بەڵام هەمیشە ناچار کراوە شەڕ بکات و بەرگری لە خۆی بکات...